سەرۆکی حکومەتی لیبیا: لە سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ناترسین

عەبدولحەمید دەبیبە سەرۆکی حکومەتی یەکگرتویی نیشتمانیی لیبیا رایگەیاند، وەاتەکەی لە سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ناترسێت و باشترین ڕێگەش بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان گفتوگۆ و لەیەکتر تێگەیشتنە.

عەبدولحەمید دەبیبە لە میانی بەشداریکردنی لە کۆبەندی ئابوری جیهانی داڤۆس دوپاتیکردەوە، نزیکبونەوەی لەسەقامگیری ئاسایش بە تەنیا بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، وەاتەکەی سەرەڕای قەبارە بچوکەکەی و توانا تاڵادەیەك لاوازەکانی، خاوەنی ئیرادەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ پێشکەوتن و لەسیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی نوێی ئەمریکاش ناترسێت".

ڕونیشیکردەوە، "وانە لە ئەزمونی وڵاتانی وەك ئەفغانستان و سوریا فێربوین، قەیرانەکان دەریانخست کە چارەسەرەکان پێویستیان بە پاڵپشتیکردنی کولتور و میرات و خودی ژیانی مرۆڤ هەیە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان لە تێگەیشتنە لە

خواستەکانی گەلی لیبیا و پاڕەپشتیکردنی کاریگەرانە.

سەرۆك وەزیرانی لیبیا ئەوەشیخستەڕو، "بەهەزکردنی هاوکارییە نوودەوەتییەکان دەبێت لەسەر بنەمای هاوسەنگ بن کە پاڕەپشتی بە ئاسایش و ڕەچاوکردنی پێداویستییە مرۆییەکان کۆبکەنەوە".

عەبدولحەمید دەبیبە هەشداریدا لە پشتگوێخستنی ئەو وانانەی کە لە ئەزمونی وڵاتانی دیکەوە فێربون و وتی، "چارەسەری هەمەلایەنە پێویستی بە بەهەزکردنی دیالۆگی نیشتمانی و دروستکردنی متمانەیە لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا".